# تۆ لێرە نی تا ببینی

هۆنراوەی : فەرەیدون موشیری

وەرگیراٍنی: د. ناسیح قەرەداخی



تۆ لێرەنی تا ببینی

کەچۆن عەترت لە قولآیی ساتەکانا پەخش بووە!

کەچۆن وێنەت لە بریقەی شووشەکانا نەخش بووە!

چۆن جێگات لە گیانی ژینا کەسک بووە.

***

پەنجەرە هەر کراوەیە

تۆش لەبەرزی هەیوانەوە باغ سەیرەکەی

درەختەکان، چیمەن و گوڵی شەمدانی

لەو زەمزەمە شیرینەی تۆ، لەو زەردەخەنە نەرمەی تۆ

لەو نیگا پڕ لە هەتاوەت ورددەبنەوە.

***

چۆلەکەکان

کەلەبەر دیارنەبوونی تۆ

رووی تۆمەتیان کردۆتە من

بەناوت بانگت لێ دەکەن

هێشتا لەسەر ترۆپکی سنەوبەرەکانەوە

تەماشای وێنەی تۆ دەکەن

لەکەناری باخچەکەدا

لەژێر درەخت

لەگوێ حەوزا

لەئاوێنەی پاکی ئاوا

***

تۆلێرەنی تا ببینی

چۆن سەدای شیعری نیگای تۆ

تێکەڵ گۆرانی من بووە!

تۆلێرەنی تا ببینی چلۆن شنەبای گیانی تۆ

لەباخی بێ چرۆی منا دێت و دەچێ

***

ئای لەو هەموو نیوەشەوەی

کە لەپەڵەهەوری سپیی لەوحی ئاسمان

وێنەی تۆم دروست کردووە

بەوجۆرەی دڵ ویستوویەتی

***

ئای لەوهەموو نیوە شەوەی-کاتێ هەوری حەزلەیاری-

هەر لەحزە هەزار دەموچاو رەسم دەکا

من بەیەک چاوتروکاندن

لەناو ئەو هەموو روخسارا

یەکسەر تۆم ناسیوەتەوە

***

ئەڵێی خەوە

کت و مت هەر ئەڵیی خەوە

چراو دیوار، ئاوێنە، گشت بێ تۆ خەمبار!

تۆ لێرە نی تا ببینی

لەگەڵ دیوار

وەکوو یەک دۆستی میهرەبان

دەربارەی تۆ قسە ئەکەم!

تۆ لێرە نی تا ببینی

چۆن لە دیوار وەڵام ئەبیەم!

***

تۆ لێرە نی تا ببینی چۆن لەدووریت

تۆزێکی قورقوشمینی خەم

باڵی بەسەر هەموو شتێکی دڵمدا راکێشاوە

تۆ لێرەنی تا ببینی دڵی تەرەم

بێجگە لە تۆ بیری لەلای هیچ نەماوە

لەزەردەپەری نامۆدا

لەم دالآنی تاسەیەدا

باڵندەکان کپ و خەمبار

ئەستێرەکان بێحاڵ، بێزار!

لەم هیوا بێهودەیەشدا

چاوانی من

دوو مۆمی گیان سووتاوی بەردەوام بێدار

تۆ لێرە نی تاببینی!

*******